# ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا

بەتۆ کە هەمیشە باسی مردن دەکەیت و منت لەبیرە، خۆشمدەوێیت

هیوا قادر

ئەو ڕۆژە دەبینم
من ئەو ڕۆژە دەبینم
کە بەتەنها تیایدا دەمرم،
دەزانم بە تەنها دەمرم و مردن وەک عاشقێکی نابەڵەد
کۆڵانەو کۆڵان دوام دەکەوێت.
ئەو ڕۆژە لە دوورەوە دەستێکم بۆ هەڵدەبڕێ و سەعاتەکەیم پیشاندەدات،
کە لەسەر عومری من میقاتی کردووە.
من دەزانم ئەو ڕۆژە بە تەنها دەمرم، من پیاسە دەکەم و ئەو لەدواوە
وەک گێژەڵوڵکەیەکی هیلاک دەست دەگرێت بە ناوقەدییەوەو کووڕدەبێتەوە.
وەک کیژێکی گوڵفرۆش بە سەبەتەیەک گوڵی ڕەشەوە،
لەسەر نووکی پێ بەلامدا تێپەڕدەبێت و دەڵێ:
ئەی پیاوە غەریبەکە ئەم ئێوارەیە گوڵێکم لێبکڕە،
من دەڵێم: ڕووناکی ناو
دڵۆپە ئاوەکانی سەر پەڕی گوڵەکانتم پێ بفرۆشە.

من دەزانم بە تەنها دەمرم
بە تەنها وەک سێوێک بەردەبمەوەو
بە تەپەی کەوتنەخوارەوەم کرمێک لە خەو هەڵدەستێنم و
پێی دەڵێم: ببورە هاوڕێم سەرەی تۆیە.
وەک هەنجیرێک دەگەیەم و بۆنم بە بادا بلاودەبێتەوە،
زەردەواڵەکان دێن و من بە تەنها دەمرم،
وەک پەپوولەیەک وشک دەبم و ڕەنگەکان جێمدەهێڵن،
ڕەنگەکان جلەکانی خۆیانم لەبەر دادەکەنن و ڕووتوقوت بەتەنها و بێڕەنگ دەمرم.
من بەتەنها دەمرم، دوواپیتەکانی سەر زمانم وەک کۆشێ گەلا بادەیانبات
دواهەمین هەناسەم وەک باڵدارێکی حەزین بەرەلا دەکەم و دەمرم
وەک ماسییەکی سارد چاوەکانم هەرگیز ناتروکێنم و دەمرم،
لاشەکەم هەڵدەگرم و هەرخۆم دەچم بۆ بەرزترین مەغرییسان
لە ژێر پیرترن دارئەرخەواندا بۆ دواهەمین جار دڵی قاژکراوی خۆم دەلاوێنمەوە،
بۆ تەنهایی ئەو کەسانەش کە شیعرەکانی منیان لەبەرە، ئەسرین دەڕێژم.
خەم بۆ ئەوانە دەخۆم کە فریا نەکەوتم پێیان بڵێم:
ئێوەش وەک من بە تەنهایی دەمرن.
بەتەنها دەمرم و گوێم لە هەلای دەروێشێکی عاشقە کە وەک من لە زکرا فانییە،
لە نووزەی نایەک لە دوواهەمین گرێی هەناسەیدا
وەک من دەیەوێت شتێک بڵێ و فریا ناکەوێت.

بەتەنها دەمرم و پێلاوەکانم بێ قاچ بەجێدێڵم،
جلەکانم بەبێ ئتووکردن بەجێدێڵم،
فریا ناکەوم ئینجانە ڕێحانەکەی ژوورەکەم ئاوبدەم و
بە تونێتی بەجێیدێڵم و دەمرم،
دەنگی خۆم لە شیعرەکانمدا بەجێدێڵم و دەمرم
چاویلکەکەم بێ چاو لەسەر مێزەکەم بەجێدێڵم
قەڵەمەکانم بێ گەرمی پەنجەکانم و نیوە دێڕە تەواونەکراوەکان بەجێدێڵم،
کاسێتی مۆسیقاکانم و کتێبەکانم، وێنەکانم کە پڕن لە پێکەنین و گریان،
نامەکانم کە فریای ناردنیان نەکەوتم،
ژوورەکەم بە چۆڵی و تابلۆکان لە ساتی سکووندا بەجێدێڵم.
من بە تەنها دەمرم،
بە تەنها دەمرم و خەم بۆ ئەم ڕۆژانە دەخۆم
کە دەبمە گەردی هەرزان و بێزاری سەر ڕووی پەنجەرەکان،
ئەو ڕۆژانەی کە عەشق ناوی خۆی دەگۆڕێ و کەس ناینایسێتەوە.
من بە تەنها دەمرم و
تەنهایی ئەو ساتانە دەمکوژێت کە کەس وەک من بە زمانی مردن ناتوانێ قسەبکات،
من بەتەنها وەک مۆمێک دەکوژێمەوەو کەچی دنیا تاریک نابێت!
من بە تەنها دەمرم و هەورەکان بە ئاسماندا تێدەپەڕن،
من بە تەنها دەمرم و مندالان لەو کاتەدا یاری دەکەن.

شەممەیەک دێت بە ژمارەکانییەوە تێیدا دەمرم،
شەممەیەک باکی بە یادوەرییەکانی من نییە لەخۆیدا
من بە تەنها دەمرم و گووڕەکوور دەڕۆم
بۆ دوورگە بێناوەکانی لەبیر چوونەوە.
بە تەنها دەمرم و ئیتر گوێم لە ترپەی گەرمی دڵی خۆم نابێت،



من دوور دوور دەکەومەوەو جار جار بۆ خەونێک کە بەمنەوە دەبینرێت
ئاوڕ دەدەمەوەو دەستێکی لەرزۆک
وەک دوواهەمین هەناسەم بە شلی هەڵدەبڕم و دەڕۆم.
وەک قۆمێ شەراب لە بنی کووپەیەکدا دەنیشێم و
ئەو مێروانە سەرخۆش دەکەم کە بەچاو نابینرێن،
من بەیانییەک، عەسرێک، ئێوارەیەک لە ڕۆژێک قەرزدەکەمم و تیا دەمرم،
شەوێک دەمفڕێنێ و بە تەنیا تیا دەمرم.

من دەزانم ڕۆژێک دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا،
وەک قەلەڕەشکەیەکی تەڕ لە ئاسماندا بەتەنها دەفڕم،
وەک کەفی شەپۆلێک لە لمدا ونددەبم و
وەک دەرختێکی پیر قرچەدەکەم و دەکەوم.
من بەتەنها دەمرم و مردن پێمدەڵێ:
پیاوە غەریبەکە ئەم ئێوارەیە گوڵێکم لێبکڕە
من دەڵێم: دڵۆپە ئاوەکانی سەر پەڕەی گوڵەکانتم پێ بفرۆشە، باتوونیم نەبێ.
ئەفسوس من وەختم نەماوە بۆ کڕینی گوڵ،
وەختم نەماوە بو هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ.
بەتەنها دەمرم و فریای ماڵئاوایی ناکەوم لە جەستەی خۆم،
بە لێوی وشکەوە فریای ماچەتەڕەکانی یار ناکەوم و دەخنکێم،
بەتەنها دەمرم و هەموو شتێک لەدوای خۆم بەجێدێڵم تەنهاییم نەبێ،
هەی هاوڕێی دێرینەم تەنهایی
بۆ هەموویان بەجێیانهێشتم تۆ نەبێ.
من بەتەنها دەمرم و غەریبی خۆری ئەو بەیانیانە دەکەم کە بێ من هەڵدێ،
بێ حزووری من میوەکان خڕدەبن و پڕدەبن لە ئاو
بێ وجوودی من بەهار دێت و من لەوێ نیم،
باران دەبارێ و من لە ژێریا جلەکانم تەڕنابێ،
ئێوارە سووردەبێ و شەوان من لەوێ نیم،
شیعرە جوانەکان دەنوسرێن و من نایانخوێنمەوە،
شەرابەکان پێدەگەن و مەستی باڵ دەردەکا و من نافڕم،
مۆسیقاکان وەک ئاو دەرژێن و من نایانبیستم،
با هەڵدەکا و شانم بەرشانی ناکەوێت،
نەسیم نزم نزم دەفڕێ و من دەست لە ژێرسکی نادەم.

من بە تەنها دەمرم و
لەتاو قرچەی شکانی ئێسکی خۆم وەک قرژاڵ!
گوێم لە تەقینی چرۆکان نابێت.
جارێکی تر زەرنەقوتەیەک ناخەمەوە هێلانەکەی خۆی و
دەست بەسەر کەروێشکێکدا ناهێنم،
جارێکی تر منداڵێکی کەوتوو هەڵناستێنمەوەو جلەکانی ناتەکێنم،
لە حەسرەت گەرمی ژیان خارخار ورد دەبم،
جارێکی تر بۆ پیاسەیەک خۆمم بۆ کۆناکرێتەوەو
سەگێکی تەنها نابێتە هاوڕێم.

ئەو ڕۆژەی کە دەمرم، مردن پێمدڵێ:
من هەمیشە بە پیریدا نامە خێراکانی خۆم نانێرم،
من ئەو هەموو نامانەم بو ناردیت و تو فریای خوێندنەوەیان نەکەوتیت
ئەو هەموو بروسکانەم بۆ ناردیت و وەرت نەگرت
ئەو هەموو ڕێکەوتی بینینانەم بە دزی ژیانەوە بۆ ڕێکخستیت و تۆ نەهاتی،
دنیایەک زەنگم بۆ لێدایت و دەرگات لێنەکردەوە،
لەشکرێک خەمم بۆ ناردیت و تەسلیم نەبوویت.
شەممەیەک دێت بە ژمارەکانییەوە تێیدا دەمرم،
وەقتێک دێت و دەمخاتە ناو بێ وەقتی،
ژیان لە ویستگەیەکدا بەجێمدێڵێ و دەڕوات
پیتەکان زمانم جێدێڵن و با دەنگی خۆیم لە هەڵکردنێکدا دەداتێ و دەڕۆم،
ڕوتوقوت دەبمەوەو ڕوتوقوت دەمرم،
چ ڕۆژێکی بێ ویقارە ئەو ڕۆژەی کە تێیدا دەمرم،
ئەو ڕۆژە ساردی هەموو زستانەکانی پێیە،
هەموو بەتاڵی ساتەکان لەگرفانی ئەودایەو بێ خەیاڵ پڕە لە هیچ،
پڕە لە پەتاکانی دنیا و سەرڕێژە لە تەسلیمبوون.
من دەزانم ڕۆژێک دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا،
وەک قەلەڕەشکەیەکی تەڕ لە ئاسماندا بە تەنها دەفڕم،
دەفڕم و بریندارانە ئاوڕ دەدەمەوە، دەفڕم و لە سپێتی تەنهاییدا وندەبم.

# مردنێکی ئاسایی

## ئاساییکردنەوەی ژیان لە شیعری هیوا قادر ـ دا

مەنسوور تەیفووری

«قارەمان، تاجی سەری شێر پیاوان»

کەوشەی مردن لەگەڵ پاشگری «ێک»ی نیشانەی یەکی (وحدە) بەکار دێنین، کەواتە دەمانەوێ لە مردنێکی دیکە جیای بکەینەوە، مردنێکی دیکە کە هەر خۆشی بەوەها پاشگرێکەوە ئامادە دەبێت. زمانناسیی هاوچەرخ و پاش سووسووری رونیکرۆتەوە کەبنەمای مانالەزماندا بەپێی سوننەتی میتافیزیک لەسەر بنەڕەتی دوانە لێکدژەکان یان بەواتایەکی دیکە لە سەر بنەمای جیاوازی دانراوە. واتە لەرێگەی بەرامبەرکردنەوەی دیاردەوماناکان لەگەڵ وشەومانایەکی دیکەدا، کەواتە بەم پێیەش ئەو مەرگەی ویستمان بەیارمەتی پاشگرێک جویێ و تەنیای بکەینەوە و هاوکات بەفێڵێکی (device)زمانی بەرجستەی بکەینەوە، دەبێ لەبەرامبەر چەشنێکی دیکەی مردندا، دابندرێت.

نەریتی میتافیزیک، نەریتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی مرۆڤە لەگەڵ مردندا و میتافیزیک بەشێکی زۆری کەلەپوور و زمان و گوتاری خۆی بەنیسبەت ناوەندێتیی مەرگەوە بەرهەم دێنێ و پێناسە دەکات و، بەگشتی میتافیزیک لە بیچمی (form)ئوستوورە و دین و حەماسەدا، هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو ئاسانکردن و زاڵبوون بەسەر ترس لەمەرگدا. میتافیزیک بە دووشێوە هەڵس و کەوت لەگەڵ واقیع دەکات: لە حاڵەتێکدا میتافیزیک پێی یەکەمی خۆی لەسەر بابەتە واقیعیەکان دادەنێت و خەریکی بەرهەمهێنانی دیاردەو بابەتی یان واقیعە، واتە ئەگەر لایەنێکی میتافیزیک بۆ نموونە لە حەماسەدا دێت و خودی مرۆڤ دەکاتە بوونێکی بان زەمەنی و زەمینی، کەچی لەبەرامبەردا بیچمەکانی دیکەی میتافیزیک، واتە ئوستوورە و دین لەبنەمایەکی وەک مرۆڤ یان واقیعەوە دەست پێناکەن، بەڵکوو خەریکی بەرهەمهێنانی جیهانێکی دیکە و دووهەم دەبێت لەبەرامبەر جیهانی واقیعدا و هاوکات جیهانی دووهەمی زادەی فانتازیاش دەکرێتە جیهانێکی راستەقینەتر بەرێژەی خودی واقیع و بەهاکانی واقیعیش دواتر بەرێژەی خودی ئەو جیهانە دەپێورێن. شۆپێنهاور بەباشی بەم بابەتەی زانیوە کاتێک باس لە هۆکاریەتیی مەرگ بۆ بەدیهاتنی ئایینەکان دەکات و، ڕەنگە هەر خودی ترس لەمردن بێت کە وادەکات مرۆڤ ژیانێکی دیکەی سەرووی ژیانی واقیعی خۆی وێناو داوابکات.

بیچمی دیکەی دەرکەوتنی میتافیزیک، بەفانتازیا کردنی دیاردەکانی خودی جیهانی واقیعە و ئەگەر ئەم بابەتەلە ئوستوورەکاندا کەبیچمی یەکەمی بالاکردنەوەن، لەشێوەی دەرکەوتنی مرۆڤێکدا بەرجستە دەبێت کە خاوەن تایبەتمەندیی و توانای بان زەمینییە و هێزەکەشی لەلایەن سەر چاوەیەکی ناکۆتا و هەمیشەییەوە بەرهەم دێت و بەردەوامیش تازە دەبێتەوە، مرۆڤێک کە بارگاوی و پڕ چەکە بە چەندین تایبەتمەندیی بان مرۆییەوە: مرۆڤێکی ئازا کە سڵ لەهیچ شتێک ناکاتەوەو لە هیچ شتێک ناگەڕێتەوە، ئەو بوونەوەرێکی بەهێزو توانایە کە هەمیشە خەریکی بزووتن و جوولان و دەستکاریکردنی جیهانەو، ئەو ئەگەر بێت و یەک چرکە بنوێت، ئەو ئەگەر بێت و بەتەنیا باری مێژووباری ڕەنجی هەموو مرۆڤ هەڵنەگرێت. ئەگەربێت و بۆ چرکەیەک لەکاتی سەیر کردنی مەرگدا بترسێت، ئەو جیهانەی کە گرێدراوی ئازایەتی و فیداکاریی وقارەمانێتیی ئەوە دەڕووخێت. ئەو هێندە بەجەرگە کە بەسانایی تەنانەت ڕووبەڕووی مردنیش دەبێتەوە.

مۆدێرن بوون هاوکات هەوڵە بۆ سڕینەوەی ئۆستوورەکان و داماڵینی جیهان و مرۆڤ و واقیع لەوەهم و خورافە و بەگشتی میتافیزیک. پرۆسەی مۆدێرنیتە، پرۆسەی گەڕاندنەوەی تایبەتمەندیی زەمینییە بۆ دیاردەکان و ناوەندکردنی مرۆڤ و جیهان و بەرهەمهێنانی مانا بە نیسبەت خودی مرۆڤ لە رێگەی ئەقڵەوە و ناسینەوەی دەماری میتافیزیکی لە خودی ئەقڵدا، کە ئەمە ڕەنگە ناوەرۆکی پرۆسەی رۆشنگەری بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، خودی پرۆسەی مۆدێرنیتەش لە هەناوی خۆیدا خەریکی بەرهەمهێنانی ئوستوورە و سیستەمێکی شاراوەی میتافیزیک بوو و ئەو ئوستوورەش ئەمجارە لە بیچمی ئایدۆلۆژیادا دەرکەوت. ئایدۆلۆژیاکان لەسەردەمی مۆدێرندا لەباتی بیچمە پێشووەکانی میتافیزیک دیسان بوونە هۆی بەریەککەوتنی ژیار و مرۆڤ و هێزەکان و، هەموو هێزەکانیش بۆوەرگرتنی شەرعییەتی جەماوەری و وەگەڕ خستنی هەموو هێزە کۆمەلایەتیەکان لە بە رژەوەندیی خۆیان و، بەزۆری لە جەنگەکانی خۆیاندا، پێویستیان بە بەرهەمهێنانی میتافیزیکێک یان بەفانتازیا کردنی بابەتێکی واقیعی بوو. یەکەم نموونەی ئەم بابەتەش نموونەی ناپلیۆنە کە شەڕەکانی خۆی کرد بە شەڕی هەموو گەلی فەرەنسی و داوی ئەویش هەموو هێزەکانی دیکە بەیارمەتی وەگەڕخستنی زمانی میتافیزیک، دەستیان دایە وەگەڕخستنی سیستەمێکی زاراوەیی و زمانی بۆ هاندانی جەماوەر بۆ جەنگ و گشتاندنی بەرژەوەندیی خۆیان.

ئەگەر لە ئوستوورە کۆنەکاندا، دەبوا خویان خوا گچکەیەک کەدەستکردی خواکان و نیوە خواو نیوە مرۆڤ بوو و لە حەماسەکاندا مرۆڤێکی خاوەن توانای خواییانە و پەیوەستی میتافیزیک، ئامادە بوو و دەوری کردە نوێنی سەرەکی و ناوەندیی دەگێڕا، لە سەردەمی مۆدێرناندا دیسان پێویست بەئامادەیی ئەم جۆرە بوونەوەرە هەیە و ناوی ئەو مرۆڤە: قارەمان ـ ە.

بالاکردنەوەی مرۆڤ پێدا ویستەکی هەمیشەیی گوتارە حەماسیەکانە.

گوتارە حەماسیە هاوچەرخەکان، قارەمان و ئۆستوورەی تایبەتی خۆیان بەرهەم دەهێنن و؛ دواتریش هەر خودی ئەم قارەمانانە بوونە هێمای سیستەم و ئایدۆلۆژیاکانی هاوکات و دواتری خۆشیان. ئەم پرۆسەی بالا کردنەوە بەگشتی هەموو ژیان دەگرێتەوە و لەم حاڵەتەدا هەموو شتێک لە ناوەرۆکی واقیعی و ئاسایی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوەو دەبێتە هێما یان نیشانەیەکی گوتاری زمانیی زاڵ. لەم حاڵەتەدا هەموو شتێک دەبێ نیشانە بێت و تاکە یەک مەدلوولی هەبێت، ئەویش گوتاری زاڵ و سیمبۆلی زاڵی حەماسەکەیە و هەموو دیاردەیەکی ژیان لەم حاڵەتەدا لەئاسایی بوون دەکەوێت و ڕواڵەت و ناوەرۆکێکی دیکە وەردەگرێت.

کۆمەڵگای کوردیش بە هۆی جەنگەکانیەوە ـ ئەگەر جەنگێکی پەرچە کردارانەش بووبن ـ و هەروەها ئامادەیی ئایدۆلۆژیایەکی تێکەڵ لە ئووستوورەی مودێڕن و نوێ، گوتارێکی حەماسیی تێدا بەرهەمهاتووە و سیاسەتی کوردیش لە سەر ئەم گوتارە کاریکردووە و بەرهەمیهێناوەتەوە و پەرەی پێداوە، بانگەشەی دەرکەوتنی واقیعێکی دیکەو مرۆڤێکی دیکەی کردووە؛ هاوکاتی بارگاریکردنی مرۆڤی کورد بە زاراوە و پەسنی حەماسی و میتافیزیکی، دەستی داوەتە تواندنەوەی هەموو شتێک لە بۆتەی گوتاری حەماسیی خۆیدا.

سیاسەتی کوردی بۆ بەردەدامیی خۆی پێویستی بە مرۆڤێکی دیکە و بەدواشیدا «بە دیکە بوونی» هەمووشتێک هەبوو، واتە گۆڕینی هەموو شت و بارگاویکردنی هەموو شت بە شت + «ێک» ـ ی و تەنانەت پێناسەکردنەوەی دووبارەی مەرگ و مەرگیش لەم کاتەدا و بەپشتیوانیی گوتاری زمانیی زاڵی بەرهەمی حەماسە، مەرگێکی ئاسایی نەمایەوە. مەرگ لەم بیچمەدا، ئیدی مەرگێکی ترسنۆکانە یان جێگەترس و سەر سامکەرانە و نەناسراو نەبوو، لەم شێوەدا مرۆڤ بەسانایی و بەبێ پرسیار و کەڵکەڵە دەچوو بەقوڕگی مردندا و ئەگەریش نەگەڕابایەوە دیسان هەر سەرکەتوو دەبوو.

ڕەنگە شتێک کەخاڵی دابڕان و وەرچەرخانی قارەمانی مۆدێرن و قارەمانی ئووستوورەیی بێت، ئەوبابەتەیە کە قارەمانی پێشوو بۆ ئەوەی ببێتە قارەمان، دەبێ سەربکەوێت و کەچی قارەمانی مۆدێرن دەشێ سەرنەکەوێت و قارەمانیش بێت، دەشێ بەسەر شەڕدا زاڵ نەبێت و کەچی قارەمانیش بێت، دەشێ بەپێچەوانەی پاڵەوانی حەماسەکانەوە، بمرێت و کەچی قارەمانیش بێت.

بەم شێوە قارەمانی مۆدێرن، بنیامین وتەنی «قارەمان نییە، بەڵکوو تەنیا لاسایی قارەمانەکان دەکاتەوە».

بەشێکی فراوانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیش وەک دیکەی پانتاکانی کۆمەڵگای کوردی، ئاخنراوە بەقارمان و، چەشنی زاڵی ئەم ئەدەبەش واتە شێعر، کارگەیەکی مەزنی بەرهەمهێنانی میتافیزیک و بالاکردنەوەی مرۆڤ و بابەتەکان و ژیان و لە ئاکامدا تەنانەت مەرگیش بووە و مرۆڤی نێو ئەم چەشنە، هەوڵیداوە قارەمان بێت؛ بێ ئاگا لەوەی کە سەردەمی قارەمانەکان بەسەر چووە و ئەو تەنیا دەتوانێ لاسایی بکاتەوە؛ ئەو قارەمانێکە کەمان و نەمانی یەک شتن، مانی ئەو دەبێ هەڵبگیردرێت بۆ خەرجکردنێکی دواتر و نەمانیشی بارگاوی بە چەندین چەمک و مانا بکرێت و لە سیمای مەرگی مروڤێکی واقیعیەوە، بگۆڕدرێت بۆ بابەتێکی بەرزەجێ (transcendent).نموونە هێنانەوە لەشێعری کوردی لەم بابەتەدا ڕەنگە تەنیا قەبارەی نووسینەکە زیاتر بکات و نموونەکانیش بەرچاوتر لەوە بن کە پێویست بە ئاماژە پێکردنیان هەبێت و لێرەشدا نەگونجن، چونکوو قۆناغێکی درێژی شیعری کوردی لە کۆنەوە و تا ئێستەش بەزۆری گۆڕینی دیاردەواقیعیەکان بۆ بابەتێکی بالا بووە و مامەڵەی مەرگیشی وەک بابەتێکی خۆش و چێژهێنەر و ئاسایی کردووە، لەکاتێکدا کەوەک باسی شۆپێنهاورمان کرد، ترسی مەرگ و وەرگرتنی وەک بابەتێکی واقیعی لە خۆیدا بنەمایەکی بەرهەمهێنەری ژیار و هزراندنە.

کۆتایی هاتنی جەنگ ڕەنگە بەخێرایی نەبێتە هۆی ئامادەیی چەمکی دیکە و تایبەتمەندییە گوتارییەکانی سەردەمێک دەشێ لە نەستی زمانیی هەڵگرانی ئەو زمانەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، بەڵام ئەوی وایکرد من ئەم شێعرە هەڵبژێرم، هەوڵێکە لەسەر جەم شیعری هیواقادردا بۆ ئامادەکردنەوەی دووبارەی ژیانی واقیعی و بوونی سەربەخۆ و نابارگاویی جیهان لەشیعردا.

لەم شیعرانەدا شتەکان دووبارە تایبەتمەندیی خۆیان پێ دەبەخشرێتەوەو قارەمان ئەم جارەیان قارەمانێکی مۆدێرنە، قارەمانێک کە لەمردن دەترسێت و هاوکات هیچشی بە دەستەوە نییە.

دیاردەکان لەم شیعرانەدا، دیاردەی ئاسایی ژیانی ئاساییین و قارەمان هیچی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی مردنەکەی خۆی پێ بارگاوی بکات و لەترسەکەی خۆی کەم بکاتەوە، کەواتە لەم دەقەدا دەکرێ بشڵێین کە تەنیا یەک قارەمان هەیە کە؛ ئەویش خودی مردنە، واتە بزووتنەکانی شێعرەکە بەرهەمی ئەون و ئەوە مەرگە کە دیکەی توخمە شیعرییەکان وەدەنگ دێنێ و هەموو توخمەکان بەنیسبەت ئەو تایبەتمەندیی و پێناسە و مانا وەردەگرن، ئەمە مەرگە کە وشەکان و شتەکان و شاعیر وەخەبەر و دەنگ دێنێت و قارەمانی مۆدێرنیش ڕەنگە بۆ شاردنەوەی ترسی خۆیەتی کە تا ئاستی لاواندنەوە و دواتریش نووسینەوەی خودی مەرگ دەکشێت، چما ئەو دەزانێ کە ئیدی خۆی ناتوانێ «قارەمان» بێت و تەنەنیا «دەتوانێ لاسایی قارەمان بکاتەوە».

بڕواهێنان بەنەتوانین و قارەمان نەبوون و شکەت، لەناسینەوە و تێپەڕاندنی میتافیزیک و بالایی و ئاساییکردنەوەی مرۆڤ و جیهان و وەرگرتنی شتەکان وەکوو خۆیانە وە ـ جیا لەو هەموو پەسن و تایبەتمەندییانەی پێیان بەخشراوە ـ دەست پێدەکات و شیعری هیوا قادر و بەتایبەت ئەم دەقە بەباشی توانای بەڕێوە بردنی ئەو پرۆسەی هەبووە. بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆ ژیان و لە ئاکامیشدا بۆ خودی شێعر.